## قادر عەزیز، سکرتێری گشتی حیزبی زەحمەتکێشان:

# شەرعییەتی حیزب بودجە نیە تا دەسەڵات بیدات بەو لایەنەی کە لێی رازییە

دیمانە: ڕێبوار ڕەزا چوچانی

**قادر عەزیز، سکرتێری گشتی حیزبی زەحمەتکێشان، لەم دیمانەیەدا تیشک دەخاتە سەر ئەو کێشانەی کە بونە هۆی دوو کەرتبوونی حیزبەکەی، ئاماژە بەوەش دەدات، کە پێشتر پلانی دابەشبوونەکە دارێژراوە، ڕاگەیاندنی بەیاننامەی تەجمید کردنەکەشی لە سلێمانی، بە پلانێک دەزانێت بۆ دوور خستنەوەی گومان کردن لەسەر کاربەدەستانی هەولێر**



**"لە مێژووی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا، تاکە پارەیەک کە لە سەرۆکی حکومەتەوە وەرگیرابێ (300) هەزار دۆلار بووە، ئەویش لە ڕێگەی سعد خالید بووە"**

**"بڵاوکردنەوەی بەیانەکەشیان لە سلێمانی هەر بە مەبەست بوو، بۆئەوەی گومانی خەڵک لە هەولێر دور بخەنەوە"**

*** کێشەی ناوخۆیی حیزبی زەحمەتکێشان گەشتە ئاستێک، دوو کەرتبوونی ئەو حیزبەی لێکەوتەوە، دەکرێ هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کەرتبوونەتان باس بکەیت، چونکە هەردوو باڵەکەی زەحمەتکێشان یەکتر تۆمەتبار دەکەن بەو کەرتبوونە؟**

- دیارە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش، وەک هەر حزبێکی تر بێ کێشەو گرفتی نێوخۆ نەبووە، بەڵام ئەو جیابونەوەی ڕوویدا زۆر پەیوەندی بە کێشە نێو خۆییەکانەوە نەبوو، چونکە ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان لە 2008/9/11 بە کۆی دەنگی سەرکردایەتی و بە ئیمزای ئەوانەش کە ئێستا جیابونەتەوە، بڕیاری بەستنی کۆنگرەماندا، کە کۆنگرە وەک دەزانن چوارچێوەی شەرعی و تەنزیمی و ئوسوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانە، بەڵام بە داخەوە دواجار ئەوان لەسەر کۆنگرە نەوەستان و بە هیچ دانیشتن و چارەسەرێکی تر ڕازی نەبوون، تەنها جیابونەوە نەبێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگەی پرسیار بوو، بەتایبەتیش کاتەکەی کە پێش هەڵبژاردن بوو، هەروەها شێوازی جیابونەوەکەو ئەو پشتیوانییەی کە بە بەرچاوی خەڵک و حزبەکان لە لایەن حکومەت و هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە لێیان کرا، بۆیە ئەوەی کە بوو وەک جارەکانی تر باجێکی تر بوو لە من و لە حزبی زەحمەتکێشان وەرگیرا، ئەویش باجی سەربەخۆیی و هەڵوێست و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان و لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و نزیکبونەوە و کاری هاوبەش لەگەڵ ئیسلامییەکان بوو.

*** هەردوولاتان خۆتان بە خاوەنی شەرعی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەزانن، بەڵام شەرعییەت لە لای کێتانە، ئەگەر لای ئێوەیە بۆچی لایەنی دەسەڵات زیاتر پاڵپشتی باڵی مەکتەبی سیاسی دەکات؟**

- شەرعییەتی هەر حزب و ڕێکخراوێک پەیوەندی بە ئیرادەی خەڵکەکەی خۆی و زۆرینەوە هەیە، هەروەک پەیوەندی بە پشتیوانیکردنی کۆمەڵانی خەڵک و هێزو لایەنە سیاسییەکانەوە هەیە، شەرعیەتیش بودجە نیە دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی لە چ حزبێک ڕازی بوو بیدا بەو و لە چ حزبێکی تر نارازیبوو لێی بسەنێتەوە .

*** دەوترێت بەشێک لە کێشەکانی ئەم دواییەی حیزبی زەحمەتکێشان، پەیوەندی بەوەوە هەبووە، کە تۆ وەک سکرتێری ئەو حیزبە، پارەیەکی زۆرت لە سەرۆکی حکومەت وەرگرتووە، بەبێ ئاگاداری مەکتەب سیاسی، دوای ئاشکرابوونیشی، ئەو کێشەیە دروستبووە، ئەمە تاچەند ڕاستە، یان دەکرێت ڕونکردنەوەمان بدەیتێ لەسەر ئەو بابەتە؟**

- لە مێژووی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا، تاکە پارەیەک کە لە سەرۆکی حکومەتەوە وەرگیرابێ(300) هەزار دۆلار بووە، ئەویش لە ڕێگەی سعد خالید بووە، ئەمە جگە لەو بڕە قەرەبووەی کە سەرۆکی حکومەت بۆ دروستکردنی بارەگای مەکتەبی سیاسی و خانوەکەی منەوە داویەتی، کە ئەویش هەر لەو ڕێگەیەوە بووە، جا ئەگەر پارەیەکی زۆرتر یا لەمە زیاتر کە باسمکرد هەیە، ئەوا هەم ئەوان و هەم سەرۆکی حکومەتیش دەتوانن بڵاوی بکەنەوە.

*** تۆ ماوەیەک نوێنەری سەرۆکی هەرێم بوویت بۆ ماددەی 140، ئایا بۆ لە کاتی لێکترازانی حیزبەکەتان، پاڵپشتی ئێوەیان نەکرد؟**

- چونکە لە هەڵوێستەکانی من زۆر نیگەران بوون، کاتێ من هەرزوو دەمگوت مادەی (140) بەو سیاسەتەی ئەوان چارەسەر ناکرێ و کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بەو سیاسەت و مونافەسە حزبییەی ئەوان ناگەڕێتەوە، بەڵکو دەبێ لە کەرکوک کوردایەتی بکرێ نەک حزبایەتی، کە سەرەنجامەکەشمان بینی، ئەوان ئەوکاتە لەو هەڵوێستانەی من ناڕازیبوون، هەر ئەمەش هۆکارێک بوو کە پشتیوانی ئەوان بکەن نەک من و زەحمەتکێشان.

*** ئەندامێکی پێشوتری سەرکردایەتی حیزبی زەحمەتکێشان دەڵێت، مام جەلال هەر کات ویستی، کاک قادر بچوک دەکاتەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا خودی تاڵەبانی دەستی هەبوو لەو کێشانەی ئەم دواییانەی زەحمەتکێشاندا؟**

- دیارە مام جەلالیش هەر بە هەمان شێوە لە هەڵوێست و ڕەخنەکانی من ناڕازیبوو، زۆر جاریش ئەو نارەزایەتیەی بەخۆم دەگوت، بەڵام ناڕازیبونی ئەو جیاوازە لەگەڵ هی خەڵکانی تر.

*** بە پێی ئەو زانیارییانەی لای ئێمەیە، بە ئێوە وتراوە 10 ڕۆژ پێش بڵاو کردنەوەی ئەو بەیاننامەیەی باڵی مەکتەب سیاسی، کە تێیدا باس لە تەجمیدکردنی ئێوە دەکات، ئەو بەیاننامە لە هەولێر نوسراوە، ئەم زانیارییە تاچەند ڕاستە، دواتر ئەگەر ڕاستە بۆ لە هەولێر ئەم کارە کراوە و لە سلێمانی بڵاو کرایەوە؟**

- ئەمەیان ڕاستە، دوای جیابونەوەشیان زۆر شتی تر ئاشکرا بوو، بەدڵنیاییەوە لە داهاتودا زیاتریش شتەکان دەردەکەوێ، بڵاوکردنەوەی بەیانەکەشیان لە سلێمانی هەر بە مەبەست بوو، بۆئەوەی گومانی خەڵک لە هەولێر دور بخەنەوە، بەڵام دواتر لە بەناو کۆنگرەکەیان هەموو شتێک ئاشکرابوو.

*** لە کاتی بڵاو کردنەوەی ئەو بەیاننامەیەدا، سەعد خالید ئەندامی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان وتی گوایە تۆ هەڕەشەت لێکردووە، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- نا من هەڕەشەم لێنەکرد، بەڵام لێی تورە بووم کە ئەوان بۆ کۆبونەوە هاتبوون کەچی دەرکەوت بۆ ڕاگەیاندنی بەیانەکەیان هاتوون و دەستیان بەسەر بارەگای ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا گرتبوو.

*** بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەست ئێمەدایە، لە کۆنگرەکانی پێشوو، بە هۆی پاڵپشتی تۆوە، هەر یەکە لە سەعد خالید و بەڵێن عەبدوڵڵا گەشتنە پلەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، وەک باس دەکرێت ئەوان خاوەن پێگەی جەماوەری نەبوون لە ناو حیزبی زەحمەتکێشان، ئەگەر وایە بۆچی ئەو هەڵوێستەیان نواند لە بەرانبەر تۆدا؟**

- ئەمەشیان جێگەی پرسیاری هەموو هاوڕێیان بوو، ئەوان لە کۆنگرەی پێنجەم زۆربەی هاوڕێیان دژیان بوون، دەنگیان پێنەدان، دواجار لەسەر داواو تەزکییەی من دەریانچواندن، کەچی دواجار دژی من وەستانەوە، دژایەتیەکە هی خۆیان نەبوو.

*** بودجەی حیزبی زەحمەتکێشان درا بە باڵی مەکتەب سیاسی و هەروەها لە کۆمسیۆنیش ناوی زەحمەتکێشان و قەوارەی ئەو حیزبە بەوان دراوە، دواتر وەزیری ناوخۆ بە نوسراوێکی فەرمی ئێوەیان ئاگادار کردەوە لەوەی کە شەرعییەتی زەحمەتکێشان لای ئێوە نیە، چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەو حاڵەتانە و چۆن لێکیان دەدەنەوە؟**

- ئەمانە هەمووی بە پشتیوانی سەرۆکی حکومەت بۆیان کرا، هەڵوێستێکی سیاسی بوو، نەک یاسایی و مەنتقی، شەرعیەتی حزبیش وەک لە سەرەتادا گوتم دەسەڵات نایدا، کاتێ زەحمەتکێشانیش لە شاخ و لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا دروست بووە شەرعیەتی لە کەس وەرنەگرتووە، ئەمڕۆش شەرعیەتەکەی لە مێژووەکەی و لە خەبات و تێکۆشانەکەی و دواجار لە پشتیوانی خەڵک و ئیرادەی خەڵکەکەی خۆیدایە، نەک لە بڕیاری ئیداری.

*** بۆ چارەسەر کردنی بڕینی بودجەی حیزبەکەتان، چ ڕێوشوێنێکتان گرتۆتە بەر؟**

- هەوڵەکانمان بەردەوامە، چونکە بڕینی بوودجە واتە نانبڕینی کادیرو پێشمەرگەو خێزانی شەهیدەکانی ئێمەیە، بەهەر ناوێکەوە بێت ئەم کارە پێچەوانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤە، کە ئەم حکومەتەی ئێمە زۆر ئیدعای پێوەدەکات.

*** لە ئێستادا بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکانتان، پشت بە چ سەرچاوەیەکی دارایی دەبەستن؟**

- دۆستان و خەڵکانی نیشتمان پەروەری گەلەکەمان هاوکاریانکردوین و هاوکاریمان دەکەن.

*** دوو ڕۆژنامە بە ناوی ئاڵای ئازادی دەردەچێت، ئایا ئێوە چ سەرنجێکتان لەسەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەیە، کە مۆڵەتی بە ڕۆژنامەیەکی تردا بەناوی ئاڵای ئازادی؟**

- نەدەبوایە سەندیکا ئەو سەرپێچییە بکات، بەڵام ئەمەش وەک شتەکانی تر، ئێستا بەشێوەیەک هەردولا ڕازی کراوە.

*** لیستی چوار حیزبەکە کە ئێوەش لایەنێکن لە پێکهێنەرەکانی، کورسییەکان دابەشکراوە لە نێوانتاندا، ئایا ئێوە بە تەنیا ئەو کورسییەتان بەردەکەوێت کە بۆتان دیاری کراوە، یاخود ئەگەر لەو ژمارەیەی کە پێشبینیتان کردووە زیاترتان هێنا ئێوەش ژمارەی کەرسییەکانتان زیاتر دەکات؟**

- بێگومان ئێستا ئێمە لە لیستی چوار حیزبەکەدا کورسیەکی مسۆگەرمان هەیە، ئەگەر لیستەکە دەنگی زیاتر بەدەست بێنێ، ئەوا کورسی ئێمەش زیاد دەکات، کە بەدڵنیاییەوە چاوەڕوان دەکرێ کە ئەو لیستە دەنگی زۆر بەدەست بێنێ.

*** کاکە حەمە سکرتێری (ح س د ک) دەڵێت وەک وەفایەک بۆ کاک قادر ئەو کورسییەمان پێداوە، چ وەڵامێکتان هەیە بۆ ئەو قسەیەی کاکە حەمە، ئایە قەبارەی جەماوەری ئێوە لەو ئاستەدا نیە لە ئێستادا کوردسییەک بهێنن، یان چ مانایەک لە قسەکانی کاکە حەمەدا هەیە؟**

- ئێمە ئەوەی گرنگ بوو دروستکردنی لیستی (4) حزبەکە بوو، چونکە بەهۆی (2) ساڵ لە کاری هاوبەش و هەڵوێست لە بەرامبەر داخوازییەکانی خەڵک، ئەو (4) حزبە ناوێکی زۆری پەیدا کردوەو وخەڵکێکی زۆر پشتیوانی لێدەکات، ئەگینا وەک هەڵبژاردنەکەی (2005) کێشەی کورسیمان نەدەبوو، دیارە هەڵوێستی(3) حزبەکەی تریش چ وەک وەفایەک چ وەک پشتیوانییەکی سیاسی لە من و حزبی زەحمەتکێشان، ئەمەشیان جێگەی ڕێزو پێزانینی ئێمەیە و نیشانەی ڕاستگۆیی و میسداقییەتی ئەو حزبانەشە لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێمەدا.

*** مەکتەب سیاسی زەحمەتکێشان لەگەڵ لیستی چەپەکاندا بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، پێتوایە چەند کورسی بەدەست دەهێنن؟**

- بەدەست هێنانی کورسی بۆ هەموو لایەک پەیوەندی بەدەنگ و متمانەو ڕابردوو هەڵوێستی ئەو لایەنانەوە هەیە لە گۆڕەپانەکەدا، لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی ئەمڕۆ بۆیە بۆتە جێگەی موتمانەو پشتیوانی خەڵک، چونکە بوێرانە دژ بە گەندەڵی و ناعەدالەتی وەستاوەتەوە و داکۆکی لە داخوازی و بەرژەوەندییەکانی خەڵک کردوە.

*** ماوەیەک بەر لە ئێستا سەرکردەی هەر چوار حیزبەکە سەردانی کۆماری ئیسلامییتان کرد، بۆ بەشداری کردن لە ساڵیادی ئیمام خومەینی، هەندێک لە ڕاگەیاندنەکانیش بڵاویان کردەوە، کە ئەو چوار سەرکردەیە لەگەڵ کار بەدەستانی ئیتلاعات کۆ بوونەتەوە، ئەمە تاچەند ڕاستە، یان ئایا دەتوانن وردەکاری ئەو سەردانە بخەنەڕوو؟**

- سەردانی حزبەکان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران تایبەت بووە بە بەشداریکردنی ئەو حزبانە لە یادی (20) ساڵەی کۆچی ئیمام خومەینیدا، لەو سەردانەشدا (4) حزبەکە بەتەنها نەبوون، برادەرانی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامیش بەشداری ئەو سەردانەیان کرد، بۆیە هەر قسەیەکی تر بکرێ دورە لە ڕاستییەوە و پڕوپاگەندەیە دژ بە (4) حزبەکە.

*** ئامانجی سەرەکیتان لە پەرلەمانی داهاتوودا چی دەبێت، ئایا وەک زەحمەتکێشان هەتا سەر لە ناو هاوپەیمانی چوار حیزبەکەدا دەمێننەوە؟**

- دەمانەوێ لەم هەڵبژاردنەدا پێکهاتەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان لە پەرلەمانێکی ژێر هەیمەنەی حزبەوە بۆ پەرلەمانێکی دەرەوەی ئەو هەیمەنەی حزب بگۆڕین، بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی بە دەسەڵات و لە بڕیاریشدا سەربەخۆبێ، بۆمانەوەش لە چوارچێوەی (4) حزبەکەدا، ئەگەر هەر (4) لایەن پابەندی ڕێکەوتنەکان بن، ئەوا ئەوەی لەسەری ڕێکەوتووین مانەوەمانە بەیەکەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی بەغداو ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەشداری کردن لە حکومەت یا ئۆپۆزسیۆن ئەوا هەر بەیەکەوە دەبین.

**"ئێستا ئێمە لە لیستی چوار حیزبەکەدا کورسیەکی مسۆگەرمان هەیە، ئەگەر لیستەکە دەنگی زیاتر بەدەست بێنێ، ئەوا کورسی ئێمەش زیاد دەکات"**

*** لە ناو زەحمەتکێشان کێ کاندید کراوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان؟**

- حزبی زەحمەتکێشان (5) کەسی لەناو لیستەکەدایە، هاوڕێ فازل حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هاوڕێ ئاریان محمد سەرنوسەری(ئاڵای ئازادی) و هاوڕێ سۆزان احمد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کاندیدی یەکەم و دووەم و سێیەمن لە لیستەکەدا.

*** بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی ئاوێنە، مەلا بەختیار کاگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، چوار حیزبەکەی بە " کەری ناو جۆگە" شوبهاندووە، وەک ئەو وتوویەتی ناکرێت لە ئۆپۆزسیۆن بن و لە ناو دەسەڵاتیشدا بن، ئێوە وەڵامتان چییە بۆ ئەو شوبهاندنە، دواتر بۆچی لە ئێستادا ئەو بەرپرسانەی حیزبەکانی دەسەڵات، پەنا بۆ ئەو جۆرە دەستەواژانە دەبەن؟**

ئەوان بە درۆیان خستەوە کە قسەیەکی وایان کردبێ.

*** لە کۆبووەی سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ سەرکردەی حیزبەکان و سەرۆکی لیستەکانی هەڵبژاردن، ئەو خاڵە گرنگانەی کە باسکران چی بوون و سەرۆکی هەرێمیش چ خاڵێکی بۆچوونی ئامادەبووانی بە دڵ نەبووە؟**

- لە کۆبونەوەی لیست و قەوارە سیاسیەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، باس لە هاوکاری هەموو لایەک کرا بۆ سەرخستنی هەڵبژاردنەکە، باس لەوە کرا کە هەڵبژاردنەکە بێ فشارو دەستێوەردان بەڕێوەبچێ، هەروەها قسە لەسەر دیاردەی نانبڕین و بودجە بڕینیش کرا، ئەمە جگە لەوەی چەند ڕاو سەرنجێکیش لەسەر دەستورەکە و نەگونجانی کاتی دەنگدان لەسەر ئەو دەستورە لەلایەن مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بهائەدین سەرۆکی لیستی خزمەتگوزاری خرایە ڕوو.

*** ئایا سەرۆکی هەرێم وەک سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێشوازی لە جەنابت کرد، چونکە باڵی مەکتەب سیاسیش پێشتر سەردانیان کردبوو؟**

- کۆبونەوەکە گشتی بوو، سەرجەم سەرۆکی لیست و قەوارە سیاسیەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەخۆ گرتبوو، بێگومان بانگهێشت کردنەکەی ئێمەش وەک سەرکردەی (4) حزبەکەبوو، کە زۆریش بایەخیان بە بەشداربوونەکەماندا.

